# توندوتیژی بە بیانوی شەرەف لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا

## شەرەف یان بێشەرەفی؟

پیاوسالاری دیاردەیەکی قووڵی کۆمەڵایەتی و سیاسییە کە تێیدا پیاو بە شێوەیەکی ڕیشەیی لە کۆمەڵگادا باڵادەستە. پیاوان وێڵی پاساوهێنانەوەن تا مافی ئەوە بەخۆیان بدەن دەسەڵاتیان بەسەر ژناندا هەبێت و ترسناکانە پارێزگاری لەو دەسەڵاتە بکەن لە ڕێگەی بەکارهێنانی چەندین جۆری جیاوازی توندوتیژی دەروونیی و جەستەیی دژی ژنان. بەداخەوە توندوتیژی بەشێکە لە سروشتی مرۆڤ، کاتێکیش ئەو توندوتیژییە یەکانگیر و پاڵپشتە بە پیاوسالاری، وروژمێکی تۆقێنەر دژی ژنان دروست دەکات لە سەرتاسەری ئەم جیهانە پڕ توندوتیژییەی ئەمرۆماندا. سێیەکی ژنان لە جیهاندا قوربانی توندوتیژی سێکسی و جەستەیین، تەنانەت لە کاتی قەیران و کارەساتەکاندا ژنان یەکەمین قوربانین چونکە پێگەیەکی لاواز و نزمیان هەیە لەناو خێزانەکانیان و کۆمەڵگەکەشیاندا. پرۆسەی گەشەسەندووی جیهانگیری بە هەماهەنگی لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کولتوری باوی ڕۆژئاوایی کە هەڵگری سێکسیزمە بە چەندین ڕەهەندی جیاواز، وەکو ڕێکلام و ڤیدیۆی گۆرانییەکان، هێندەی تر لە پێگەی هەستیاری ژنان کەم دەکاتەوە، بە تایبەتی لە وڵاتانی ناسراو بە جیهانی سێیەم کە کۆمەڵگەی مەدەنی بوێر و بەرهەمهێن و سەروەریی یاسایی و ئەزموونی دەوڵەتدارییان کەمە. لە ئەنجامدا، ئەم کەموکوڕییانە کە بنەمای پێشکەوتنن ڕێگە خۆش دەکەن بۆ ڕەگاژووبوون و قوڵبوونەوەی پیاوسالاری و دروستکردنی فۆڕمی نوێی چەوساندنەوە، توندوتیژی و دەستدرێژی. توندوتیژی بە بیانوی شەرەف کۆنترین جۆری توندوتیژی ڕەگەزییە و بەچەندین فۆڕمی جۆراوجۆر دژی ژنان لە تەواوی جیهان ئەنجام دەدرێت؛ چ ئەو ژنانەی لەنێو کۆمەڵگا پیاوسالارییە چەوسێنەرەوەکاندا دەژین یان ئەوانەی لەو کۆمەڵگا دیموکراسییە لیبراڵانەدا دەژین کە خەڵک پێی وایە ژنان بەپێی یاسا تێیدا پارێزراون. سەرەرای هەوڵەکانی وڵاتانی گەشەکردوو و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان بۆ پاراستن و ئازادکردنی ژنان لەم توندوتیژییە، هێشتا پرۆسەی جیهانگیری بەردەوامە لە بڵاوکردنەوەی کولتوری پیاوسالاری و کردەوە و ئاکتەرە توندوتیژەکانی لە هەموو کوچەیەکی ئەم جیهانەدا، هەروەها هەلی زیاتر دەخاتە بەر دەستی پیاوان تا ژیانی ژنان کۆنترۆڵ و سنوردار و ژێردەستە بکەن.

(Begikhani, Gill, Hague, 2015) (Cohen, Kennedy, 2013) (Womankind, 2016)

لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بەگشتی ژنان چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکرێت ڕووناکبیربن و ببن بە هاوسەرێکی گوێڕایەڵ و دایکێکی ئەرکگران کە دەبێت خزمەتی تەواوی خێزانەکەی بکات. بەپێچەوانەوە، زۆرینەی پیاوان لە باوکە دەسەڵاتدارەکانیانەوە فێردەبن کە گرنگە پیاو ببێتە ڕابەرێکی بەهێز و جڵەوگیری خێزانەکەی خۆی. لەمەش گرنگتر، ببن بە پارێزەری "شەرەف"-ی خێزان و خێڵەکەیان. شەرەفیان لە جەستەی ژن و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و سێکسیدا کورتکردۆتەوە. لەبەرئەوەیە لە زۆرینەی خێزانەکاندا ئازادیی ژن وەک لادان لە بەها نەریتییەکان لە قەڵەم دەدرێت. جگە لەمە، خێڵگەراپی لە کوردستاندا زۆر بەربڵاوە، ئەمەش کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە لەسەر ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵگای کوردی، بەمەش ژنان سنوردار دەکرێن لەنێو ئەم پێکهاتە دەستەجەمعییانە کە دەبنە هۆی پووکانەوەی تواناکانیان. لەبەرئەوە توندوتیژی ڕەگەزیی تەنها لە جەستەدا نامێنێتەوە بەڵکو چالاکانە و دەستەجەمعییانە پەل دەهاوێت بۆ کایەی کولتوری کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا، کە دواجار بە ئەسپایی ئەم بەناو "کۆدی شەرەف"-ەی لێ بەرهەمدێت. (Bruinessen, Dawod, Jabar, 2002) (Begikhani, Gill, Hague, 2015)

دەشێت شیکردنەوەیەکی ڕەخنەیی و گۆڕانکاری لەو کۆمەڵگا پیاوسالارییەدا بە گرنگ دابنرێت چونکە دەبێتە هۆی کرانەوەی دیالۆگ و بەرهەمهێنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی بەرهەمهێن. ئەمەش دەبێتە هەوێنی بەرەوپێشچوون و داهاتوویەکی گەش و تێیدا هەموو مرۆڤەکان بەبێ ڕەچاوکردنی ڕەگەز، نەتەوە، ڕەچەڵەک، دین و خواستی سێکسی بەهەماهەنگی پێکەوە بژین و بوێرانە بەرەنگاری ئەو لایەنە دوژمنکارانە ببنەوە کە دەیانەوێت دواکەوتوویی بسەپێنن.

بۆ ئەوەی باشتر لە ئاڵۆزیی توندوتیژی ڕەگەزی لە کوردستاندا تێبگەین، پێویستە بگوترێت کە پێگەی کۆمەڵایەتی ژن بەتەواوی وابەستەی ئەو دەڤەر یان شارەیە کە لێی دەژین، لە چ دۆخێکی کۆمەڵایەتی دان و گەیشتوون بە چ ئاستێکی پەروەردەیی. هەروەها، ئاستی پەروەردەیی و ڕۆشنبیریی دایک و باوکیان و ئەندامانی خێزانەکەیان گرنگی خۆی هەیە چونکە ئەو کۆمەڵگایەی ئاستێکی ڕۆشنبیری باڵاتریان هەیە، خەڵکانێکی مێشک کراوەتر و پێشکەوتووترن. ئەگەر بەشێوەیەکی ڕێژەیی لێی بڕوانین، جیاوازی هەیە لەنێوان چینی پارێزگاران، کە بەزۆری چینی خوارەوە و ناوەندی کشتیاران و جووتیاران دەگرێتەوە، لەگەڵ چینی پێشکەوتوخوازان کە تێدا ژنان ئازادییەکی زیاتریان هەیە، بەڵام بەگشتی لە هەردوو دۆخدا سنوردارکراون. لەگەڵ ئەوەشدا، گرنگە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە ناتوانین

گشتگیر بین، چونکە خێزانگەلێکی زۆر لەژێر کاریگەریی جیهانگیری کولتوری و زانیاریدا بەهاکانیان بەرەو "مۆدێرنە' بوون دەچن، لەبەرئەوە ئازادییەکی زیاتر دەڕەخسێنن بۆ ژنان تا جیهان کەشف بکەن و هاوشانی پیاوان لە بازنەی پیشەییدا کارا بن.

(Begikhani, Gill, Hague, 2015) (Begikhani, Gill, 2012) (Al-Ali, Pratt, 2011)

لە کوردستان هەر لە کۆنەوە ژنان دەرفەتی گەیشتنیان بە دونیای دەرەوە گەلێک کەم بوو. لەبەرئەوە قورسە بۆ ژنان لەو کۆمەڵگا داپلۆسێنەرانەدا بگەنە رێکخراوە نێونەتەوەییەکان یان کەمپین لە فێرگە و سۆشیاڵ میدیا ڕابگەیەنن تا هۆشیاری بڵاوبکەنەوە و داوای گۆڕانکاریی ریشەیی بکەن. هەروەها لەبەرئەوەی توندوتیژی پیاوان زۆر باوە لە ژیانی خێزانی و گشتیدا، زۆرینەی ژنان هەست بە ترس و دڵەڕاوکێ دەکەن لەوەی هەنگاو بنێن بەرەو وروژاندنی پرسی ئازادی. ئەم دابڕینەی ژنان لە تواناکانیان کارەکەی قورستر کردووە لەسەریان، ئەگەر نەیگەیاندبنە نزیک لە ئەستەم، تا لە ڕەگ و ڕیشەوە بەرەنگاری پیاوسالاری ببنەوە. زۆینەی ژنانی کوردستان تا ئێستاش لەودیو پەردەدا ژیان دەگوزەرێنن، بە شێوەیەکی بەرچاو لە ژیانی دەرەوەدا دابڕێنراون، هەرچەندە ژنانێکی زۆر هەن وەکو کارمەند و مامۆستا کار دەکەن، هێشتا دەبێت گوێڕایەڵبن و ملکەچی یاسا نەنووسراوەکانی کۆمەڵگا بن.

(Begikhani, Gill, Hague, 2015)

ئینجا ئەو ژنانەی لەو ژینگە خنکێنەرانە خۆیان رزگار دەکەن، هەرگیز سەلامەت نین لە هەر کوێیەک بن، چونکە پیاوسالاری و نۆرمە کولتورییەکان بەناو کات و شوێندا گوزەر دەکەن. لەم ماوەیەدا، کچێکی کورد لە هانۆڤەر لەلایەن ئامۆزاکەیەوە لە ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەیدا کوژرا چونکە هاوسەرگیری زۆرەملێی ڕەت کردبووەوە کە لەلایەن مامەکانی لە کوردستان رێکخرابوو. ئامۆزاکەی لە کوردستانەوە چووبووە ئەڵمانیا و ئاگاداری شوێنی ئاهەنگەکەبوو لە ڕێگەی سۆشیاڵ میدیاوە. ئەم نموونەیە ئەوە دەردەخات کە جیهانگیری چەندە ڕێخۆشکەرە بۆ بکەرانی پیاوسالاری تا بچنە نێو وڵاتێکی دیموکراسی لیبراڵ و بەهاکانی خۆیان بسەپێنن، ئەو شتەی خۆیان پێیدەڵێن دادپەروەری. وێڕای ئەمەش، سۆشیاڵ میدیاکانی وەکو فەیسبوک سوودیان لێ دەبینرێت بۆ چاودێریکردن و ترساندنی ژنان، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی تۆڕێکی سنوربڕی پیاوسالاری لە سەرتاسەری جیهاندا. قورسی ئەو تۆڕە ترانس-ناشناڵە ئەمەیە کە شاراوەیە و پاریزگاری لێدەکرێت و بەرفراوان دەکرێت لەلایەن شانە نهێنییەکانەوە، لەبەرئەوە ئاسان نییە دەسەڵاتداران بتوانن بیاندۆزنەوە. ئەم نموونە مشتێکە

له خەروارێک لە جیهاندا، چونکە بەگوێرەی ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵانە ٨٠٠٠ ژن لەژێر ناوی شەرەفدا دەکوژرێن. (UN WOMEN, 2015) (Dailymail, 2016)

پرۆسەی جیهانگیری شمشێرێکی دووجەمسەرییە و لەباشترین حاڵەتدا دەکرێت بە زنجیرەیەکی پێکەوەبەستراوی کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکان پێناسە بکرێت. ئەمەش زیاتر لە هێزە لێکئاڵاو و دژیەکەکاندا دەردەکەوێت لە کوردستان کە هەمیشە و بەئاسانی ناناسرێنەوە. لە ڕاستیدا دەشێت بگوترێت جیهانگیری پرۆسەیەکی تەواو ئەرێنییە چونکە دەریایەک لە زانیاری و تەکنەلۆجیای لەگەڵ خۆی هێنا بۆ کوردستان کە دەبێتە هۆی بەرەوپێشچوون و گەشەسەندن. هەروەها ڕێکخراوە جیهانییەکانی ژنان و ئەکادیمییەکان دەتوانن بچنە کوردستان و پێشنیار و زانیاریەکانیان لەگەڵ خوێندکارانی زانکۆکانی ئەوێ و بزوتنەوەی ژنانی کورد ئاڵوگۆڕ بکەن.

لەبیرمان نەچێت پرۆسەی جیهانگیری سیستەمی سەرمایەداریشی لەگەڵ خۆی هێنایە کوردستان، دەبێ بگوترێت کاتێک کوردستان بوو بە بازاڕێک بۆ وەبەرهێنانی سەرمایەداریی جیهانی، ناوچەکە گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی و بەمەش ژیانی هەموو کۆمەڵگای کوردی گۆڕانکاری بەسەرداهات. هەروەها کۆمەڵێك ژنی کورد سوودیان لەو گەشەسەندنەی ئارامیی و پێشکەوتنە بینی چونکە بارودۆخی ژیانیان گەشەی کرد و ڕێگای خۆشکرد لە بەشە جیاوازەکانی کەرتی گشتی و تایبەتدا کار بکەن. (Al-Ali, Pratt, 2011) (Cohen, Kennedy, 2013)

لەمەش زیاتر، جیهانگیری کۆمەڵگای کوردی ئاشناکرووە بە کەرەستە سەرمایەدارییەکان و کولتورییەکانی سەرانسەری جیهان. ئەمەش سوود و قازانجێکی زۆری هەیە، لەوانە زیادکردنی ئاڵوگۆڕی بەراوردکاری کولتوری لە ڕووی زانیاری و ئەزمونەوە، بەگشتی لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە کە ڕۆڵی تۆڕێکی سنوربڕی گەشەسەندوو دەبینن. هەروەها بەها و خووە کولتورییە ئەرێنییەکانی کۆمەڵگا و ئایینەکانی دیکە خزاونەتە نێو کولتوری کوردییەوە، هەرچەندە ئەمە لە چەند ئاستێکی جیاواز دایە و دەکەوێتەوە سەر قبوڵکردنی خێزانەکان و کۆمەڵگاکان. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تێکچڕژان و تێخزانی بەهایانە بۆناو کۆمەڵگای ئاڵۆزی کوردی پرۆسەیەکی درێژخایەنە، چونکە نەوەی تازە ڕووبەڕووی کێشمەکێشێکی گەورە دەبنەوە لە رووی گۆڕانکاری و ڕەنگدانەوە خودیە گرنگەکانی کەلەپوریان، لەکاتێکدا لە جەنگدان دژی واستەکاری و نێپۆتیزم و گەندەڵی و پیاوسالاری. (Leezenberg, 2005) (Begikhani, Gill, Hague, 2015)

بەپێچەوانەوە، پرۆسەی جیهانگیری پەرەسەندنی کولتوری باوی ڕۆژئاوایی زیاتر کرد، لەنێویاندا سێکسیزمی ڕێکلامەکان و ڤیدیۆکلیپ و پۆڕنۆگرافی. ئەمەش کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر کۆمەڵگای کوردی دروست دەکات، بەتایبەت لەسەر ئەو گەنجانەی تەواو هۆشیار نین، چونکە ڕێخۆشکەرە بۆ سەپاندنی وێنە و بەهای زاڵێتیی پیاوان بەسەر ژناندا. هەروەها، لایەنێکی دیکەی نەرێنی ئەوەیە کولتوری تایبەت بزر دەبێت و "کولتوری جیهانی" و هاووڵاتیيبوونی جیهانی ،کە لە کولتوری ئەمریکی سەرچاوەی گرتووە، شوێنی دەگرێتەوە. دەشێت ئەمە کاریگەرییەکی خراپی هەبێت، بەتایبەت لەسەر ئەوانەی دەیانەوێت پارێزگاری لە کەلەپور، کولتور و بەهاکانیان بکەن. لەبەرئەوە، پەنادەبەنە بەر ڕێگای توندتر بۆ سەپاندنی کولتوری خۆیان و پاراستنی شەرەفی خێزانەکانیان. (Najjar, 2005) (Leezenberg, 2005)

سەرەڕای گەشەی ئابووری، سەرەڕای تۆڕە بێسنورەکانی ژنانی کوردی روناکبیر کە لەلایەن ئاکادیمیستەکان و بیریارەکانی جیهانەوە پشتگیری دەکرێن، هاوتا لەگەڵ هەوڵە بایەخدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پشتگیریکردنی رێکخراوەکانی تایبەت بە پێشخستنی ژنان لە ڕووی داراییەوە، هێشتا زۆرێک لە ژنان قوربانی دەستی هاوسەرگیریی زۆرەملێ و توندوتیژیی ڕەگەزیی و کوشتنن لەژێر ناوی شەرەفدا. لەکاتێکدا ئەو توندوتیژیانەی لەژێر ناوی شەرەفدا ئەنجام دەدرێن بە بێدەنگی لەناو کۆمەڵگادا ئەنجام دەدرێن. ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە پێویستمان بە مێتۆدێکی نوێ (لە خوارەوە بۆ سەرەوە) ی پڕ ئامار و داتایە بۆ پێشگرتن و ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو پیاوسالارییەی ڕەگی داکوتیوە لە نێو کۆمەڵگادا بۆ ئەوەی بکەوینە سەر ڕێچکەی گۆڕانکارییەکی واتادار لە کولتوری جوانی کوردیدا. زۆرجار ئەمە دەگوترێتەوە کە کوردەکان هیچ هاوڕێیەکیان نیە جگە لە چیاکان.

## Bibliography

Al-Ali, Nadje., Pratt, Nicola. (2011). Between Nationalism and Women's Rights: The Kurdish Women's

Movement in Iraq. Middle East Journal of Culture and communication. 4, 337-353. Retrieved, 20 March

2016, from http://www.kurdipedia.info/documents/87317/0001.PDF

Begikhani, Nazand., Gill, K. Aisha., Hague, Gill. (2015). Honour-Based Violence: Experiences and CounterStrategies in Iraqi Kurdistan and the UK Kurdish Diaspora. England: Ashgate Publishing Limited.

Begikhani, Nazand., Gill, Hague. (2012). Honour-based violence in Kurdish communities. Women's Studies

International Forum, 35 (2), 75-85. Retrieved, 20 March 2016, from

https://www.researchgate.net/publication/257115941_%27Honour%27-

based_violence_in_Kurdish_communities

Bruinessen, Martin., Dawod, Hosham., Jabar, A, Faleh. (2002). Tribes and power: nationalism and ethnicity in

the Middle East. Kurd's, states and tribes. Retrieved, 19 March 2016, from

http://www.hum.uu.nl/medewerkers/m.vanbruinessen/publications/Bruinessen_Kurds_States_and_Tr

ibes.pdf

Cohen, Robin., Kennedy, Paul. (2013). Global Sociology. England: Palgrave Macmillan.

Dailymail. (2016). Murder over a marriage: Kurdish women in shot dead at a wedding in Germany after refusing

to marry her cousin who is now the prime suspect. Retrieved, 19 March 2016, from

http://www.dailymail.co.uk/news/article-3495111/Murder-marriage-Kurdish-woman-shot-deadwedding-Germany-refusing-marry-cousin-prime-suspect.html

Leezenberg, Michiel. (2005). Iraqi Kurdistan: contours of a post-civil war society. Thirds World Quarterly, 26 (4).

Retrieved, 20 March 2016, from

http://web.b.ebscohost.com.ezproxy.hhs.nl/ehost/pdfviewer/pdfviewer?vid=13&sid=38f37f0c-f116-

4380-bae6-6797571f03ad%40sessionmgr111&hid=123

Najjar, Fauzi. (2005). The Arabs, Islam and Globalization. Middle East policy, 12 (3). Retrievedm 20 March 2016,

from
http://web.b.ebscohost.com.ezproxy.hhs.nl/ehost/pdfviewer/pdfviewer?sid=38f37f0c-f116-

4380-bae6-6797571f03ad%40sessionmgr111&vid=27&hid=123

Stansfield, R. V. Gareth. (2003). Iraqi Kurdistan: Political development and emergent democracy. England:

Routlegde Curzon. Retrieved, 20 March 2016, from

https://www.academia.edu/3271178/Iraqi_Kurdistan_Political_development_and_emergent_democra

cy

United Nations Women, (2016). Facts and Figures: Ending Violence Against Women. Retrieved, 19 March 2016,

from http://www.unwomen.org/en/what-we-do/ending-violence-against-women/facts-and-figures

Womankind, (2016). Facts about women’s rights: Violence against women and girls. Retrieved, 19 March 2016,

from https://www.womankind.org.uk/policy-and-campaigns/women's-rights/facts-about-women'srights

World Health Organization, (2015). Violence against women: Intimate partner and sexual violence against

women. Retrieved, 19 March 2016, from http://www.who.int/mediacentre/factsheets/fs239/en/